## ٣ ساڵ بەسەر کێشانەوەی هێزەکانمان بۆ سنووری دەوڵەتی تێپەڕیو دەستدرێژی ناڕەوای ئێران بەردەوامە

# بڕیاری کێشانەوەی هێزەکانمان لەخاکی ئێران ئارەزوی ڕاستەقینەی عێراقە بۆ ئاشتی

★ سەرەکی ئەنجومەنی ڕاوێژکەرانی ئێران لەسەر قسە بەدەکانی دژی عیراق دەڕوا لە هەمان ماوەداو لە ١٩٨٣/٢/٢٥دا دەڵێ : « عیراق توانای ئەوەی نیە بەرنامەکانی کە بۆ ئاوەدانیکردن دایناون تەواو بکا .. ئەگەر ئێمە هەروا بمێنین لەسەر سنوور بێ ئەوەی جوولە بکەین عیراق دەفەوتێنین » . ئەنجا دەڵێ : « دەبێ ڕژێمی عیراق لە ناوچێو ئەمەیە سیاسەتی شەڕەکەمان » .

★ هاشمی ڕەفسەنجانی لە بارەی ئەم هێرشانەوە کە لە ماوەی لە ١٩٨٣/٢/٦ وە تا ١٩٨٣/٤/١٧ بەردەوام بوو لە قسەیەکیا بۆ ئێستگەی ئێران لە ڕۆژی ١٩٨٣/٤/٢٦دا دەڵێ : « ڕژێمی عیراق ئەوە باش دەزانێ کە ڕۆژهەڵاتی عیراق لە بەسرەوە تا حاجی هۆمەران ڕاستەوخۆ لە ژێر مەودای گوللەی هێزەکانماندانو ، لە باری وادا کەمتر نا لە دوو ملیۆن عیراقی سەرگەردان دەبنو ئەمەیش گیروگرفتێکی تر پەیدا دەکا بۆ ڕژێمی عیراقو دەبێتە هۆی ڕووخانی » .

★ ئا بەم جۆرە حوکمڕانانی ئێران باسی عیراقو سەربەرزیو سەربەخۆیی‌و ڕاپەڕینی دەکەن هەر وەك بڵێی عیراق ویلایەتێکی سەر بەوان بێو ، مافی ئەوە دەدەن بە خۆیان کە بەم جۆرە ناشیرینە دەست بخەنە ناو کاروباری ناوخۆیەوەو کار بکەنە سەر هەڵبژاردە سەرەکی‌یەکانی .

### ● دەستدرێژی بۆ سەر حاجی هۆمەران ●

٥ ـ هێرش بۆ سەر حاجی هۆمەران لە کەرتی ژووروودا کە لە ١٩ی ئەیلولی ١٩٨٣ وە بەردەوام بوو تا ٢٩ی ئەیلوولی ١٩٨٣و ، کاربەدەستە ئێرانی‌یەکان بەردەوام بوون لەو ڕاگەیاندنانەیانا کە کینەیان لێ دەتکا دژی عێراقو عیراقی‌یەکانو بە تەواوی ئەوە دەگەیەنن کە بە هیچ هەوڵێکی ئاشتی‌یانە ڕازی نابنو نیازە فراوانکاری‌یەکان دووپات دەکەنەوە لەسەر حیسابی عیراقو خاكو سەربەرزیی .

★ هاشمی ڕەفسەنجانی لە کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی ڕاوێژکەرانی ئێراندا لە ڕۆژی ١٩٨٣/٧/٢٥دا دەڵێ : « هێرشەکەی ئەم دوایە هەڕەشەیەکە بۆ کێڵگە نەوتەکانی بەشی سەرووی عیراقو ، ئێمە بەمە دەمانەوێ ئەوە دەرخەین کە نەوتی بۆ دەرەوە نێرراوی عیراق دەکرێ تووشی زیانی زل ببێ » .

★ سەرەك وەزیرانی ئێران حسین موسوی لە ١٩٨٣/٧/٦ دا دەڵێ : « مەبەستی ئەم چالاکی‌یانە دوو شتە یەکەم ئاراستەکردنی لێدانێك بۆ عیراقو ، دووهەم بەرپاکردنی بێ‌ئارامی‌و شێواو لە سەرەوەی عیراقدا » .

★ ڕەجائی خوراسانی نوێنەری هەمیشەی ئێران لە نەتەوە یەکگرتووەکانا لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەنووسیدا لە نیویۆرك لە ١٩٨٣/٢/٢٧دا بە لە خۆبایی بوونێکەوە دەڵێ : « هێزەکانی ئێران توانیویانە ٢٢٠کم لە خاکی عیراق داگیرکەنو ئێستا ئێمە لە هەندێ شوێنا لە قووڵایی ١٨کم داین لە ناو عیراقدا » .

★ احمد عزیزی‌یش جێ‌نشینی وەزیری دەرەوەی ئێران لە ١٩٨٣/٨/٢٦دا وتی « ئێران ئێستا لە چەند نەخشەیەك دەکۆڵێتەوە بۆ بۆردومانکردنی لوولە نەوتەکانی عیراق کە نەوت لە کەرکوکەوە دەبەن بۆ بەندەری دوریتول لە تورکیا ، لەم هەفتە نزیکە داهاتووانەدا » .

لەو ڕۆژانەدا لە گەرمەی پەرەسەندنی هێرشەکانی ئێران بۆ سەر خاکی عیراقو ئەو هەموو ئازارو زیانە گەورانەی کە لە گیانو ماڵی ئێرانی‌یەکان کەوت ، سەرەکی فەرماندە صدام حسین سێ نامەی نارد بۆ گەلانی ئێران بۆ ئاگادارکردنەوەیان لە نیازە چەپەڵەکانی حوکمڕانەکانیانو بۆ ئەوەی پێیان ڕابگەیەنێ کە ئەو شەڕی داچۆڕاندنەی کە حوکمڕانانی ئێران دەیانەوێ لەسەری بڕۆن بەرامبەر عیراق وێرانی‌و زیانی گەورە بە ئێرانو گەلانی ئێران دەگەیەنێ . سەرەکی فەرماندە لە نامەکانیا وتی ئەو کوتاڵەی حوکمڕانانی ئێران دەیانەوێ بینێرنە دەرەوە بۆ عیراقو بۆ ناوچەکە هەمان ئەو کوتاڵە کۆنەیەکە پێشانی گەلانی خۆیانیان داو بوو بە هۆی ماڵ وێرانی‌یان .

سەرەکی فەرماندە ئەوەی دووپات کردەوە کە حوکمڕانانی ئێران وایان لێ‌هاتووە هەست بە ساکارترین ئەرکی سەرشانیان ناکەن بەرامبەر بە گەلەکەیان بە جۆرێکی وا ئێمە کەوتووینەتە یەك ڕیزەوە بۆ ڕووبەڕووبوونی ئەم جانەوەرە دڕندەیەی کە دەیەوێ بەغداو تاران بسووتێنێ .

### دەستدرێژی بۆ سەر زرباطیەو حاجی هۆمەرانو پێنجوێن

٦ ـ هێرش بۆ سەر زرباطیە لە کەرتی ناوەڕاستی چالاکیدا لە ١٩٨٣/٧/٣٠ داو ئەنجا هێرش بردنەوە لە ١٩٨٣/٨/٤ داو تا ١٩٨٣/٨/٩ .

★ وەزیری دەرەوەی ڕژێمی ئێران علی اکبر ولایتی لە قسەیەکیا لەگەڵ ئێستگەی ڕادیۆی تاراندا لە ڕۆژی ١٩٨٣/٨/٣دا دەڵێ : « ئەو زەبرەی کە لەم چالاکی‌یانەدا بەر هێزەکانی عیراق کەوتووە لە ڕاستیدا ئاراستەی ڕژێمی عیراق کراوە بۆ ئەوەی بڕووخێنرێو ئەم چالاکی‌یانە وەك نەشتەری‌کاری وان بۆ هەڵکەندنی ئەم برینە لەم ناوچەیەدا » .

٧ ـ هێرش بۆ سەر حاجی هۆمەران لە ژووروودا لە ڕۆژی ١٩٨٣/٨/٥ دا .

٨ ـ هێرش بردنە سەر حاجی هۆمەران لە ڕۆژی ١٩٨٣/٨/١٠دا .

٩ ـ هێرش بۆ سەر کەرتی پێنجوێن بەردەوام بوو لە چەند هێرشێکی یەك لە دوای یەکدا کە لە ١٩٨٣/١٠/١٨ وە تا ١٩٨٣/١١/٢٤ لە ناو زنجیرە چالاکی‌ی « والفجر »دا .

★ هاشمی ڕەفسەنجانی لەم ماوەیەداو بە وردی لە ١٩٨٣/١٠/٢٨ دا دەڵێ : « چالاکی‌ی « والفجر » بە یەکێ لە گەورەترین چالاکی‌یەکانی شەڕ دادەنرێ لە سەرەتای شەڕەوە چونکە توانیمان دەست بگرین بەسەر هەندێ ناوچەدا کە لەوێوە دەتوانین یارمەتی هێزەکانی دژ بە حکوومەتی عیراق بدەین .

★ لە ڕۆژی ١٩٨٣/١١/٣٠یشدا دەڵێ : « ئەگەر لە کەرتی ناوەڕاستەوە بجووڵێین لە دوو هێرشدا دەگەینە بەغدا چونکە ئێمە لە کەرتی مەندەلی‌یەوە ماوەی ٢٠ ـ ٣٠ کیلۆمەتر پێش دەکەوین لە هەموو هێرشێکی سەرکەوتووداو لە فاویشەوە لە خوارووی عیراقو تاکو حاجی هۆمەران لە ژووروی عیراق دەتوانین بۆردومانی شارەکانی عیراق بکەین .

★ هەروەها لە ڕۆژی ١٩٨٣/١١/١٣دا بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ تەماعکاری‌یەکانی خۆی دەربڕی کە وتی « ژووروی عیراق کە سەرچاوەی گرنگی پارەی بێگانەی تیایە ئێستا لە هەموو کاتێکی پێشتر زیاتر دەتوانرێ لێی بدرێ .

### دەستدرێژی‌یەکانی سەر فەیلەقی دوو و فەیلەقی چوار

١٠ ـ هێرش بردنە سەر بنکە سنووری‌یەکان لە کەرتی فەیلەقی دوو لە ١٥ ـ ١٩٨٤/٥/١٦دا .

١١ ـ هێرش بردنە سەر هەردوو باڵی سەروو و خوارووی فەیلەقی چوار لە جووتە کەرتی چلاتو شیب لە ١٩٨٤/٢/٢٢دا .

★ هاشمی ڕەفسەنجانی بە لووت بەرزی‌یەکەیەوە لە بارەی ئەم هێرشانەوە قسە دەکاو لە ١٩٨٤/٢/٢٢دا دەڵێ : « عیراقی‌یەکان لایان وا بوو دەتوانن ڕامان کێشن بۆ ئاشتی ، بەڵام ئەم جمو جووڵانە بوون بە هۆی ئەوەی لە ئاشتی دوورمان بخەنەوە .

★ سەرەکی ڕژێم علی خامنەئی لە قسەیەکیا کە لە ١٩٨٤/٢/٢٠ دا بڵاو کرایەوە دەڵێ : « هێزەکانی عیراق لە خۆ بەدەستەوە دان زیاتر هیچیان بۆ نەماوەتەوەو .. سوپای عیراق لە خۆ بە دەستەوەدان زیاتر هیچی بۆ نەماوەتەوە » ..

★ لە بەشێکی تری هەمان قسەدا دەڵێ : « هێزەکانی ئێران دوورگەی مەجنوونیان گرت کە لە زەلکاوەکانی خوارەوەدایەو گەیشتنە ڕێگای بەسرە ـ عەمارەو وتی : « ڕێگای بەغدا ـ بەسرە کە پایتەختی عیراق دەبەستێ بە کەنداوەوە کەوتووەتە بەر بۆردومانی تۆپەکانمان .

★ لە قسەیەکی تریشدا کە لە ١٩٨٤/٣/٢دا بڵاو کرایەوە علی خامنەئی سەرەکی ڕژێمی ئێران دەڵێ : « ئەم چالاکی‌یانە کارێکی وا دەکەن هێزەکانمان بتوانن بگەنە ئامانجی گەورەترو ئەم سەرکەوتنانە سەری ڕۆژهەڵاتو ڕۆژاوایان سڕ کردووە کەوا دەتوانین ڕژێمی عیراق بڕووخێنین » .

★ سەرەکی کۆماری ڕژێمی ئێران لە قسەیەکیا کە لە ١٩٨٤/٣/٦دا بڵاو کرایەوە وتی : « ئێمە دەتوانین هێرش بەرینو لە سەرەوەو ناوەڕاستو خوارەوەو بە درێژایی زیاتر لە هەزار کیلۆمەتر هێرش دەبەینو دەبێ بەردەوام بین لە ڕەشبگیردا چونکە چالاکی‌یەکانی خەیبەر لە سەرەتا زیاتر نین بەڵکو چالاکی‌یەکن لە ناو کۆمەڵێ چالاکیدا » .

### دەستدرێژی بۆ سەر ڕۆژهەڵاتی بەسرەو ڕۆژهەڵاتی دەجلە

١٢ ـ هێرشی سەر ڕۆژهەڵاتی بەسرەو هۆری حوەیزە لە ١٩٨٤/٢/٢٢ دا .

١٣ ـ هێرشی سەر جووتە باڵی ڕاستو چەپی فەیلەقی چوار لە شەوی ٢٤ ـ ١٩٨٤/٢/٢٥ دا .

١٤ ـ هێرش لە کەرتی چلات ١٩٨٤/٢/٢٦ .

١٥ ـ هێرش بۆ سەر ڕۆژهەڵاتی دەجلە لە ١٩٨٤/٢/٢٩ دا کە تا ١٩٨٤/٣/١ درێژەی کێشا .

١٦ ـ هێرش بۆ سەر کەرتی ڕۆژهەڵاتی بەسرە لە ١٩٨٤\٢\١٢دا .

★ لەم هێرشە یەك لە دوای یەکو پاشەوەیان کاربەدەستە ئێرانی‌یەکان بۆ ڕۆژێ دەستیان لە هەڕەشە کردنو دووپات کردنەوەی تەماعکاری‌یە چڵکنەکانیان هەڵنەگرت لە عیراقدا هەرچەندە لەم شەڕانەدا زیانێکی زۆریان تووش بوو و هەرچەندە یەك لە دوای یەك شکانو نەگەیشتنە هیچ ئەنجامێکی بە دو .. هەر سوور بوون لەسەر دەستخستنە ناو کاروباری ناوخۆی عیراقو مەترسی خستنە سەر ئاسایشی‌و ئارامی‌ی‌و سەربەرزی‌ی بەدەم کاربەدەستە گەورەکانی ئێرانەوە وەك خومەینی‌و خامنەئی‌و ڕەفسەنجانی .

★ خومەینی بە هەموو بێ‌شەرمی‌و خۆ بە زلزانی‌یەوە لە ١٩٨٤/٤/٨ دا دەڵێ « بە مەچەکێکی بەهێز ڕژێمی عیراق لەناودەبەینو گەلی عیراق لەم کۆتانە ڕزگار دەکەین کە سەپێنراون بەسەریا » .

★ خامنەئی‌یش لە ١٩٨٤/٤/٨ دا دەڵێ : « ئەگەر تاقیکردنەوەی شۆڕشی ئیسلامی لە عیراقدا هاتەدی وا جیهانگیری‌ی شۆڕشی ئیسلامی دێتەدی‌و جێگیر دەبێ » .

★ لە بەشێکی تری قسەکەیا دەڵێ : « مەبەستی کۆماری ئیسلامی‌ی ئێران لەم شەڕەدا بە تەواوی ئاشکرایە ، شکانی عیراقو ئێمە هەر لەسەر پێشکەوتن دەڕۆین تا ڕژێم دەڕووخێ » و هاشمی ڕەفسەنجانی بەبێ شەرمی‌و بێ‌حەیایی‌یەکی واوە کە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا وێنەی نەبووبێ دەڵێ : « ئەو عیراقی‌یانە تاوانبارو پیاوکوژنو ئادەمیزاد نین تا بتوانین بەپێی پێڕەوی ئایینی ئیسلام گفتوگۆیان لەگەڵ بکەین » .

★ ئەم بەدەڕەوشتە ڕوودەکاتە فەرماندە سوپایی‌یەکانی لە ١٩٨٤/٤/٢٦داو دەڵێ : « دەتوانرێ لە هەر شوێنێکی بەرەدا زیان بە عێراق بگەیێنرێ ، ئەگەر چوون بۆ پێشەوە مەترسی لە نزیك بەغدادا دەبێو ئەگەر لە بەشی سەرووی دەجلە نزیك بوونەوە لە نێوان بەسرەو بەغدا بۆ ماوەی ٥ ـ ١٠ کیلۆمەتر دەبینن چی بەسەر بەغدادا دێ » .

★ ڕەفسەنجانی تێڕوانینی خۆی‌و تێڕوانینی ڕژێمەکەی بۆ ئاشتی دەسنیشان دەکاو لە ١٩٨٤/٤/٦ ڕووی قسە دەکاتە عیراقی‌یەکانو دەڵێ : « ڕێگای بنەڕەتی لە بەردەمتانا ئەوەیە زوو بێن بۆ لامانو خۆتانمان بدەن بەدەستەوە چونکە ئێمە ئاشتی وامان دەوێ » .

★ لە ١٩٨٤/٥/١٣یشدا ڕەفسەنجانی دەڵێ « پیاو دەبێ شێت بێ سەر بۆ ئەو ئاشتی‌یە شۆڕکا کە ئەوانە دەسنیشانی دەکەن ، بارودوخ گەیشتوەتە قۆناغێك هیچ ڕێگایە نەماوە لە ناوبردنی ڕژێمی عیراق نەبێ » .

### ● دەستدرێژی بۆسەر بەرەی فەیلەقی دوو ●

١٧ ـ هێرشی ئێران بۆسەر ناوچەی سیف سعد لە کەرتی ناوەڕاستدا لە ١٩٨٤/١١/١٨ . قسە نەفامەکانی دژی عیراق نەوەستاو کاربەدەستە ئێرانی‌یەکان لە هەموو قسەکانیانا هەموو شێوەو هەڵێکی ئاشتی ڕەت دەکەنەوەو بەردەوام دەبن لەسەر ڕێبازی دەستدرێژی‌و خراپەو تەماعکاری لە خاکی عیراقداو دەست خستنە ناو کاروباری ناوخۆی عیراق .

★ سەرەکی ڕژێم علی خامنەئی لە ١٩٨٤/١١/٢٧ ڕوودەکاتە ئەو بەکرێ‌گیراوانەی کە لە خاکی ئێرانا مەشقیان دادەدەن بۆ ئەوەی وێرانکاری بکەن لە عێراقو وڵاتانی کەنداوی عەرەبداو دەڵێ : « ئێمە شتێکی سروشتی‌یە بەو پێیەی کە لێپرسراوانی شۆڕشین لە ئێرانا سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلام لە عیراقدا بە کارێکی گرنگو پێویست بزانین » .

★ ئەنجا لە ١٩٨٤/١١/٢٩دا دەڵێ : « ئامانجی کۆماری ئیسلامی‌ی ئێران لەم شەڕەدا ئاشکرایە ، شکانی عیراقو ئێمە بەردەوام بین لە هێرشەکانمانا تا ڕژێم دەڕووخێ » .

★ لە ١٩٨٤/١١/٣٠یشدا ڕازی نەبوونی ڕژێمەکەی بە ئاشتی دووپات دەکاتەوەو دەڵێ : « ئەو ئاشتی‌یەی ئەیانەوێ بیسەپێنن بە سەرمانا زۆر نالەبار ترە لە هەموو زیانو ناخۆشی‌یەکانی شەڕ » .

★ لە ١٩٨٤/٩/١٤یشدا دەڵێ : « شەڕ هەر یەك چارەی هەیە ئەویش لابردنی ڕژێمی عیراقە لەبەرئەوە گەورەترین زەبر بەکاردێنین بۆ ڕووخاندنی ئەم ڕژێمە » .

★ حوکمڕانانی ئێران هەر لەسەر ڕازی نەبوون بەئاشتی دەڕۆنو سەرەك وەزیران حسین موسوی لە ١٩٨٤/٧/٢٢دا دەڵێ « ئێمە دڵنیاین ئاشتی لە ناوچەکەدا جێگیر نابێ ئەگەر ڕژێمی عیراق مابێو ئێمە سوورین لەسەر درێژەدان بەشەڕ تا لەناوبردنی ئەم ڕژێمە » .

★ ئەنجا لە قسەیەکی ترا کە لە ١٩٨٤/٣/١٩ بڵاو کرایەوە دەڵێ : « ئا لەم ساتە ناسکەدا ڕێکەوتن ، پاشگەزبوونەو بەردەوام نەبوون لەسەر شەڕ خەیانەتە » . « ناتوانین سەردانەوێنین بۆ ئاشتی‌و ڕێکەوتن چونکە ئەمە لە قازانجی ڕژێمەکەمانا نیەو لەگەڵ ئامانجەکانی شۆڕشەکەمانا ناگونجێ » .

★ لە ١٩٨٤/١١/٢٥ موسەوی دەڵێ : « حکوومەتی عیراق چارنیە دەبێ بڕوا ، بارودۆخی هێزەکانمان لەبارەی ئازووقەو ئامادەبوونەوە باشەو زۆر ناخایەنێ قۆناغی بڕیاردانی چارەنووس دەست پێ‌دەکاو بە هیممەتی هێزەکانمان پاش لەناوبردنی ڕژێمی ئێستا ناوی کۆماری ئیسلامی‌ی عیراق لەسەر ئاڵای عیراق دەنووسرێ » .

★ خومەینی‌یش تەماعەکانی لە عیراقو دەستخستنە ئاشکراکەی لە کاروباری ناوخۆیا دووپات دەکاتەوەو دەڵێ : « دەمانەوێ ئازارەکانی گەلی عیراق لابەین چونکە پەنای بۆ ئێمە هێناوە » .

★ لە ١٩٨٤/٤/٨دا خومەینی دەڵێ : « بە مەچەکی توند ڕژێمی عیراق لادەبەینو گەلی عیراق ئازاد دەکەین » .

★ لە ١٩٨٤/٤/١٨یشدا خومەینی دیسانەوە دەڵێ « ڕژێمی عیراق زوڵم لە گەل دەکاو پێویستە لەسەرمان بەرگری لێ‌بکەین ، ئەوان دەیانەوێ لەگەڵ ئەم ڕژێمەدا دانیشین کە باوەڕی بە ئیسلام نیە ، ئەمە چ ئەقڵێکە ، ئایا ئەمە ئیسلامەتی‌یە ؟ » .

★ ئەنجا لە ١٩٨٤/٩/٩ دا دەڵێ : « ڕێکەوتنی ئەمڕۆ یانی لەناوچوونی هەمیشەیی‌و ، پێویستە لەسەر گەل بە توندی خۆی بگرێ لە پێناوی ئیسلامدا چونکە هەر پاشگەزبوونەوەیەك وازهێنانی لەگەڵدایە لە ئیسلامو ئەرکی ئێمە پێچەوانەی ئەمەیە » .

★ ڕەفسەنجانیش هەمان ڕێبازی دوژمنانە دووپات دەکاتەوە لە دەیان قسەو وتارەکانیاو بۆ نموونە نەك بۆ ژمارە :

★ لە ١٩٨٤/٦/١١دا دەڵێ : « وەك هەمیشە وتوومانە گفتوگۆ ناکەین لە بارەی شەڕەوەو لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ تەلەفزیۆنی ئێراندا وتی : « ئێمە گفتوگۆ ناکەین لەگەڵ سەرەکی عیراق صدام حسین‌دا چونکە صدام قسەی لەگەڵ ناکرێ » .

★ ئەنجا لە ١٩٨٤/٦/١٥دا پاش ڕێکەوتنی بۆردومان نەکردنی شارەکان بە ڕۆژنامەنووسانی وت « ئێمە ئەمڕۆ دروشمەکەمان دووبارە دەکەینەوە تا باش ئاگاداری بن ، ئێمە نامانەوێ شەڕ بوەستێ ، بەڵکو شەڕ شەڕ تا سەکەوتن » .

★ ئەنجا لە ١٩٨٤\٧\٦ دا دەڵێ « پێویستە ڕژێمی عیراقو حزبی بەعس هەڵکەنین لەسەر زەوی و ئەمەیە داخوازی ئێمە » .

Institut kurde de Paris

